# نا بۆ داگیرکردن، نا بۆ تیرۆر، نا بۆ تایەفەگەری و نا بۆ رەگەزپەرستی




**بەغدا/ بۆ پیشەوە**

لە سەعات 11ی بەیانی رۆژی هەینی رێکەوتی 2005/5/27دا رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە هۆڵی سلاح لە ئوتێل مریدیانی بەغدا یەکەمین کۆنفرانسی خۆی گرت. بەرێز باسل مهدی کۆنفرانسەکەی کردەوە و بەیاننامەی دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی عیراقی خوێندەوە، دوای ئەوە بەرێز قاسم هادی وتارێکی خوێندەوە کە ئاماژەی بۆ تێکچوونی زۆر خراپی باری ئەمنی لەم ماوەیەدا کرد کە مەترسی هەڵگیرسانی شەری تایەفی کە لە ئاسۆدا دەبینرێ، هەروەها هەڵویستی کۆنگرەی ئازادی عیراقی روون کردەوە لەم هەل ومەرجەدا و نەخشەی عەمەلی کۆنگرە کە پەیرەوی دەکات بۆ هێنانەدەرەوەی جەماوەری عیراق لەم هەلو مەرجەدا. دواتر دەرفەتی دا بە ئامادەبوان تا پرسیارەکانیان بکەن و بیروڕای خۆیان لەوبارەوە بگۆڕنەوە. سەبارەت بە هەلوێستەکان و چالاکیەکانی کۆنگرە و سەبارەت بەو هەل ومەرجە کارەسات بارە کە جەماوەری خەلکی عیراق تێیدا بەسەر دەبەن پرسیاری جۆراوجۆر کران. بەرێزان قاسم هادی و د. وسام شاکر هەردوو ئەندامانی شوورای ناوەندی وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبوانیان دایەوە. پرسیار و هەلوێستەکان و وەڵام دانەوەکان زۆر بە روونی کران و ئامادەبوان لایەنگریان لەو شیعارانەیان کرد کە کۆنفرانسەکە هەڵی گرتبوو (نا بۆ داگیرکردن نا بۆ تیرۆر نا بۆ تایەفەگەری و نا بۆ رەگەزپەرستی بەڵی بۆ ئازادی عیراق) (پێکهێنانی حکومەتێکی غەیرە دینی و غەیرە تایەفەیی تەنیا زەمانەتێکە بۆ بەرگرتن بە شەری ناوخۆیی) (لە پێناو تایەفەچێتیدا منداڵەکانمان مەکوژن) (بەبێ کۆتایی هێنان بە داگیرکردن نە ئاسایش ونە ئازادی و نە ریفاه دەبێ).

ئەو شیعارانە لەلایەن ئامادەبوانەوە جێگای رەزامەندی و پەسەند کردن بوو کە تیلیکسی رەزامەندی و پشتیوانیان کرد بۆ ئەو بابەتانەی لە کۆنفرانسەکەدا باس کران. نامەی تەئید لەلایەن بەرێزان الفرید سمعان لێپرسراوی یەکێتی ئەدیبە عیراقیەکانەوە نێردرا، کە تێیدا دەڵێ: با پێکەوە لە چوارچێوەی هاوپشتی کۆمەڵایەتی و ئینسانی بۆ ئازادی عیراق کار بکەین، هەروەها لەلایەن بەریز ابو میدیا لە بزووتنەوەی وفاقی نیشتمانیەوە نێردرابوو کە تێیدا هاتوە: ئێمە تەئیدی ئەو چوار نایەی دروشمە سەرەکیە دەکەین کە کۆنگرەی ئازادی عیراق بەرزی دەکاتەوە وە لە هەمان کاتدا تکا دەکەین خۆتان لە ناو وناتۆرە دوور بخەنەوە کە لەوانەیە ببێتە تێکشکانی رێزەکان. وە پێشنیارتان پێدەکەین کە قسەوباسی لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسیانەدا بکەن کە هەلوێستی بۆ یەکێتی وئازادی عیراق دەربڕیوە و داوای ئەو چوار نایە دەکەن. هەروەها لەلایەن یەکێتی شوورا و نەقابە کرێکاریەکانی عیراقەوە نێردرابوو کە ئاواتی دەخواست بۆ بەردەوام بوون وسەرکەوتنی کۆنگرەکە، وە لە بەرێز عباس کازم الرکابی لەلایەن نەقابە و کرێکارانی چاپخانەکان و میکانیك لە ئیسکەندریەوە. و لە بەرێز حکمت علی المختار ئەندامی شوورای بەرێوەبەرایەتی نەقابەی ژمێریارە عیراقیەکان کە وتی ئێمە پشتیوانی لەو چوار نایە دەکەین چونکە داگیرکردن و تایەفەگەرێتی و رەگەزپەرستی لەلایەن داگیرکەر و ئەو حیزبانەی کە پشتیوانی لێ دەکەن دروست کرا کە دیاردەی تیرۆر لە ئەنجامیدا سەری هەڵدا.

له کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بەڕێز باسل مهدی قسەوباسی کۆتایی پێشکەش کرد کە پێشوازی لە بەشداری بەشداربووان کرد لە پەیوەند بە مانیفێستی کۆنگرەی ئازادی عیراقە. وە داوای کرد کە پشتیوانی مادی و سیاسی لە کۆنگرە بکرێ و سوپاسی ئامادەبوانی کردن سەبارەت بە جدی بوونی پرسیار و باسەکانیان، وە پێی داگرت لەسەر ئەوەی کە کۆنگرەی ئازادی عیراق دبێتە ناوکی کۆتایی هێنان بە داگیرکردن و ڕێکخستنی دووبارەی شارستانیەتی کۆمەڵگای عیراق. هەروەها داوای کرد کە سەر لە نووسینگەی کۆنگرەی ئازادی عیراق بدەن کە دەکەوێتە ناوچەی الوزیریەوە لە نزیك سەفارەتی لوبناندا.